# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لەوەی ئاژەڵ ببەسترێتەوە؛ پاشان بکوژرێت

له جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لەوەی ئاژەڵ ببەسترێتەوە؛ پاشان بکوژرێت*». *(واتە: نابێت ببەسترێتەوە وبۆ نیشانشکێنی بەکاربهێنرێت هەتاوەکو دەمرێت)

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە نەهی کردووە لەوەی هەر ڕۆح لەبەرێک ببەسترێتەوە وبکوژرێت*، ولەوانەش کوشتنیەتی بە ڕێگایەکی ناشەرعی، وەکو ئەوەی بۆ نیشانشکێنی بەکاریبهێنێت، چونکە ئەمە ئازاردانی ئاژەڵە، و لەناوبردنی نەفس وڕۆحیەتی، وبە فیڕۆدانی نرخەکەیەتی، وهەروەها لادانە لە سەرپڕینی بە ڕێگایەکی شەرعی، بەهۆی ئەم خراپانە وچونکە هیچ سوودێک نییە لە کوشتنی بۆیە نەهی کراوە ببەسترێتەوە وبۆ نیشانشکێنی بەکاربهێنرێت، وئەم نەهی کردانە بۆ حەرامکردنە، وئەمیش ئاماژەیە بۆ بەرزی وبڵندی شەریعەتی ئیسلام وگشتگیری ئاداب وڕێنماییەکانیەتی؛ کە واجبی کردووە مسوڵمان بەبەزەیی و بە ڕەحم بێت بەرامبەر خەڵکی وبەرامبەر هەموو ڕۆح لەبەرێک بەو شێوەیەی لە شەریعەتدا باسکراوە. *(واتە: نابێت ببەسترێتەوە وبۆ نیشانشکێنی بەکاربهێنرێت هەتاوەکو دەمرێت)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64656

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee